# بەرپاکردنی سمینارو مەراسیم

# بە بۆنەی 8 مارسەوە لە بەریتانیا

**مەراسیم:**

هەر بە بۆنەی 8ی مارسەوە ریکخراوی بەریتانیای حیزب رۆژی 7 ی مارس لە کاتژمیر 6 وە تا 11ی شەو مەراسیمێکی لە هۆڵی Weston rise community centre سازدا.

سەرەتا  لە لایەن هۆزان مەحمود ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیای حیزب دەستپێکردنی مەراسیمەکە راگەیەنراو بەناوی ریکخراوی بەریتانیای حیزبەوە بەخیرهاتنی ئامادەبوانی کرد، هەروەها لە وتەیەکی کورتدا پیرۆزبایی 8 مارسی لە لە ئامادەبوان و هەموو ژنان وئازادیخوازانی بزووتنەوەی یەکسانی بە ناوی کۆمیتەکەوە کرد.






بەدوای ئەوەدا نادیە محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب دوای پیرۆزبای 8 مارس ووتەیەکی پێشکەشکرد کە تیایدا باسی لە 8 ی مارس و میژوی سەرهالدانی ئەم رۆژەو خەباتی کۆمۆنیستەکان لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا کرد.
هەروەها لە بەشیکی تری قسەکانیدا چوە سەر قەیرانی ئابوری سەرمایەداری و کاریگەری خراپی لەسەر ژنان و بێکارکردنیان هەروەها بەردەوامی خەبات ونارەزایەتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ریکخراوەکانیان و پێویستی کۆمەککردن وپشتیوانیکردن لە هەولەکانیان.



بەدوای ئەوەدا جاسم غەفور ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیای حیزب پاش پیرۆزبایی 8 مارس و ووتەیەکی کورت، بە سلاید شۆ چەندین وینەی سەبارەت بە  مێژووی 8 مارس وخەبات

وناره‌زایه‌تی ژنان و بزووتنه‌وه‌ی یه‌کسانیخوازی ژنانی پێشکه‌شکرد. پاشان جه‌نین تابلۆی خۆی هه‌ر به‌ سلاید شۆ پێشکه‌ش به‌ ئاماده‌بوان کرد.

دواتر مه‌راسیمه‌که‌ تا کاتژمێر 11 ی شه‌و به‌ پێشکه‌شکردنی چه‌ندین گۆرانی و مۆسیقا و سه‌ما و هه‌لپه‌رکێی هه‌مه‌جۆر درێژه‌ی کێشا.

## سمینار:

به‌ به‌شداری نزیک به‌ شه‌ست که‌س، رۆژی هه‌ینی 6 مارس کاتژمێر 7 بۆ 9 شه‌و له‌ زانکۆی له‌نده‌ن له‌ لایه‌ن ریکخراوی ئازادی ژن و به‌ پشتیوانی ریکخراوی Feminist Fightbackسمینارێک بۆ کۆمه‌ڵه‌یک که‌سایه‌تی داکۆکیکه‌ر له‌ مافه‌کانی ژنان سازدرا. که‌ ووتاربێژه‌کانی ئه‌م سمیناره‌ بریتی بوون له‌:

جین لامبیرت: ئه‌ندامی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا له‌ سه‌ر لیستی سه‌وز

تێری جود: ڕۆژنامه‌نوس بۆ ڕۆژنامه‌ی ئیندیپێنپینتی به‌ریتانی

ماریا ئێکسال: ئه‌ندامی لیژنه‌ی باڵای یه‌کێتی کرێکارانی په‌یوه‌ندی یه‌کان.

ته‌مار کاتز: خوێندکارێکی ئیسرائیلی یه‌ که‌ ڕه‌فزی به‌شداریکردنی کردوه‌ له‌ سه‌ربازی کردن له‌ فه‌له‌ستین وه‌ له‌سه‌ر ئه‌و بڕیاره‌ی زیندان کرابوو.

لۆرا شوارتز: له‌ ڕێکخراوی(Feminist Fightback)

هۆزان محمود: ڕێکخراوی ئازادی ژن له‌ عێراق






دوای ده‌ستپێکردنی سمیناره‌که‌ و به‌خێرهاتنکردنی ئاماده‌بوان، هه‌ریه‌ک له‌ قسه‌که‌ره‌کان بۆ ماوه‌ی 15 ده‌قه‌ قسه‌یان کرد. که‌ قسه‌وباسه‌کان تایبه‌ت بوو به‌ چه‌وساندنه‌وه‌ی ژنان، هه‌ڵاواردن و توندوتیژی له‌ دژی ژنان، قه‌یرانی ئابوری سه‌رمایه‌داری ئه‌مرۆ و کاریگه‌ری له‌سه‌ر ژنانی کرێکار، کوشتنی ژنان به‌ بیانووی شه‌ره‌فه‌وه‌، وه‌زعیه‌تی مه‌ینه‌تباری ژنان له‌ وولاتانی عیراق و ئه‌فغانسان و رۆژهه‌لاتی ناوه‌راست...

بەشی دووەمی سمینارەکە بریتی بوو لە بەشداری ئامادەبوان بە دەربرینی بۆچونەکانیان و پرسیارکردن و پاشانیش قسەکەرەکان وەلامی پرسیارو سەرنجەکانی ئامادەبانیان دایەوە و سەرکەوتوانە سمینارەکە کۆتایی هات.

شایانی باسە ژمارەیەک لە هاورێیانی رێکخراوی بەریتانیای حیزب لەم سمینارەدا بەشداریان کرد ئەویش بە  بەدانانی میزکتاب، کە بلاوکراوەکانی حیزبی لەسەر دانرابوو. هەروەها هەلواسینی وێنەی مارکس و پۆستەری 8 مارس و بلاوکردنەوەی بەیاننامەی حیزب لەسەر 8ی مارس بە زمانی ئینگلیزی.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق/ ریکخراوی بەریتانیا**

2009/7/9

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.